# ناوەڕۆك

پێشەکی.......................................................٩
**بەشی یەکەم/ ڕستەسازی**..................................١٠
ڕستەسازی.....................................................١١
چەمك و پێناسەی ڕستەسازی ....................................١١
چەمك و پێناسەی ڕستە.........................................١١
لقەکانی ڕستەسازی............................................١٦
١ـ ڕستەسازی مێژوویی .........................................١٦
٢ـ ڕستەسازی بەراوردی.........................................١٦
٣ـ ڕستەسازی گشتی.............................................١٦
٤ـ ڕستەسازی تایبەتی ...........................................١٧
تیۆرەکانی ڕستە ................................................١٧
١ـ تیۆری لاساییکردنەوە (کۆن ـ کلاسیك) ..........................17
٢ـ تیۆری پێکهاتە ڕاستەوخۆکان ....................................18
٣ـ تیۆری چاڵ .....................................................١٨
٤ـ تیۆری گوێزانەوە ................................................19
ئەرکەکانی ڕستەسازی ............................................٢١
**بەشی دووەم/ جۆرەکانی ڕستە** ..................................٢٩
جـــۆرەکانی ڕستە ................................................٣٠
یەکەم: جۆرەکانی ڕستە لەڕووی نـاوەڕۆکـــەوە.......................٣١
١ـ ڕستەی هەواڵگەیاندن...........................................٣١
٢ـ ڕستەی پرسیـــاری.............................................٣٤

٣ـ ڕستەی فـــەرمـاندان ........................................ ..٣٧
٤ـ ڕستەی سەرسوڕمـــان ........................................ ..٤٣
دووەم: جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی پـێکهـاتنـەوە .............................. ..٤٦
١ـ ڕستەی ســـــادە.............................................. ٤٧
أ/ سادەترین ڕستە .............................................. ..٤٧
ب/ ڕستەی سادەی ئاسایی............................................ ٤٧
جـ/ ڕستەی سادەی فراوانکراو........................................ ..٤٨
٢ـ ڕستەی لـێکـدراو .............................................. ..٤٩
أ/ ڕستەی لێکدراوی هاوڕێك .......................................... ..٤٩
ب/ ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردن........................................ ٥٠
جـ/ ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە ........................................ ..٥٠
د/ ڕستەی لێکدراوی نەرێنی .......................................... ..٥١
٣ـ ڕستەی ئـاڵـۆز.................................................. ..٥١
أ/ شـاڕستە .................................................... ..٥١
ب/ پـاڕستە..................................................... ..٥١
جۆرەکانی پاڕستە ................................................ ..٥٣
یەکەم / پاڕستەی ناوی ............................................. ..٥٣
١ـ پاڕستەی دیارخەری بکەر........................................... ..٥٣
٢ـ پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ڕاستەوخۆ ................................ ..٥٣
٣ـ پاڕستەی دیارخەری بەرکاری ناڕاستەوخۆ ............................... ..٥٤
٤ـ پاڕستەی دیارخەری نیهاد .......................................... ..٥٤
دووەم / پـاڕستەی کـاری.............................................. ..٥٤

١ـ پاڕستەی کـــات ........................................٥٥

٢ـ پاڕستەی هــــۆ .........................................٥٥

٣ـ پاڕستەی ئەنجام.........................................٥٦

٤ـ پاڕستەی ئامانج.........................................٥٦

٥ـ پاڕستەی مـەرج.........................................٥٦

٦ـ پاڕستەی نیاز...........................................٥٧

٧ـ پاڕستەی پێوانە..........................................٥٧

سێیەم / پاڕستەی ئاوەڵناوی...................................٥٧

چوارەم / پاڕستەی ئاوەڵکاری..................................٥٨

**بەشی سێیەم/ کەرەسە سەرەکییەکانی ڕستە**..........................٦٢

کەرەســەکانی ڕستە .........................................٦٣

١ـ کەرەســە ســەرەکـییەکـانی ڕستە...............................٦٣

٢ـ کەرەسە لاوەکییەکانی ڕستە....................................٦٤

بکەر ......................................................٦٥

جۆرەکانی بکەر..............................................٧٠

١ـ بکەری ڕێزمانی............................................٧٠

٢ـ بکەری لۆجیکی ...........................................٧١

٣ـ بـکەر دیـــار ...........................................٧٣

٤ـ بـکەر نادیــار ...........................................٧٥

هۆکارەکانی پەنابردنە بەر بکەر نادیار .............................٧٨

سازکردنی بکەرنادیار لە کار .....................................٨٠

کاری ڕابوردووی بکەر نادیار.....................................٨٠

دووەم/پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستوونی.......... ١٥١
سێیەم/ ئاخاوتن و نووسین.......... ١٥٤
چوارەم/ هێما و هێمابۆکراو .......... ١٥٥
پێنجەم/ زمان، زبان، گوتن .......... ١٥٧
شەشەم/ پەیوەندی ئێستایی و پەیوەندی مێژوویی .......... ١٥٩
حەوتەم: زمان.......... ١٦٠
چۆمسکی.......... ١٦٢
ژیانی نەوام چۆمسکی.......... ١٦٢
بیروبۆچوونەکانی چۆمسکی لەبارەی زمانەوانییەوە: .......... ١٦٥
١ـ دانەکانی زمان.......... ١٦٥
٢ـ زمانی ستاندارد .......... ١٦٦
٣ـ توانست و چالاکی.......... ١٦٧
٤ـ ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵ.......... ١٦٩
٥ـ ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی .......... ١٧١
٦ـ زمــان وزمانەوانی.......... ١٧٢
٧ـ بەرهەمهێنانی ڕستە.......... ١٧٤
٨ـ جیاکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ناڕێزمانی .......... ١٧٤
٩ـ دەستنیشانکردنی لێڵی و چارەسەرکردنی.......... ١٧٥
ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە.......... ١٧٨
قۆناغەکانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە.......... ١٨٣
یەکەم/ تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان.......... ١٨٣
یاساکانی گوێزانەوە.......... ١٨٤

سەرسوڕمانی لە نێو خۆیدا بە چەندین شێواز دەردەکەوێت، لەوانە:[1]

**١ـ سەرسوڕمانی: وای لەم منداڵە پیس و پۆخڵەی!**

**٢ـ تووکلێکردن: تەمەنت کورت بێت! ڕووت ڕەشبێت!**

**٣ـ نەفرەتلێکردن: ئەوەی ڕێگەی لە کوردان گۆڕی**

**لەعنەتی خوا لە ئەلحەد و گۆڕی !**

**٤ـ جنێوپێدان: نامەرد! بێئابڕوو! بێشەرمن!**

**٥ـ پاڕانەوە: ئەم زوڵمە قبووڵ نەکەی خودایە !**

**٦ـ وەسفکردن: کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش**

**ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش!**

[1] - عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ(د)(٢٠٠٦)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، ل٥٥ ـ ٥٦.

وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆی کرد، کە کارە ناتەواوەکان ژمارەیان دیاریکراوە، چونکە هەر هەموویان لە چاوگی (هەبوون ـ بوون) وەرگیراون، کە بۆ کاتەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) بەکاردێن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ـ بۆ کاتی ڕابردوو: سازبوونی کارە ناتەواوەکان بۆ کاتی ڕابوردوو، لەسەر دەستوور دەڕوات، ئەمیش بە لابردنی (ن)ی چاوگ دروستدەبێت، بەمشێوەیە:

بوون ـ ن = بوو

**ئازاد مامۆستا بوو.**

٢ـ بۆ کاتی ئێستا: سازبوونی کارە ناتەواوەکان بۆ کاتی ئێستا، لەسەر دەستوور ناڕوات، چونکە نازانرێت چۆن چاوگی(بوون) بۆتە (ە). واتە بۆ کاتی ئێستا (ە) بەکاردێت.

چاوگی (بوون) ⟵ (ە)

**ئازاد مامۆستایە.**

٣ـ بۆ کاتی داهاتوو: سازبوونی کارە ناتەواوەکان بۆ کاتی ڕانەبوردووی داهاتوو، لەسەر دەستوور دەڕوات، ئەمیش بە وەرگرتنی ڕەگی (ب) دروستدەبێت، بەمشێوەیە:

نیشانەی ئەرێی ڕانەبوردوو(دە) + ڕەگی کار (ب) + جێناوە لکاوەکان(م ـ ین، یت ـ ن، ێت ـ ن)

**دەبم ـ دەبین**

**دەبیت ـ دەبن**

**دەبێت ـ دەبن**

# فـــریـــز

لە زمانی کوردیدا جگە لـە زاراوەی فریـز، ئـەوە زاراوەکـانی (گـریَ، دەسـتەواژە، کورتیلە ڕستە ...) بەکاردەهێنرێت، کە هەر هەموویان هەمان واتا دەگەیەنن.

دەربـارەی پێناسـەی فریـز، کۆمـەڵێ ڕاوبۆچـوونی جیـاواز هەیـە، کـە هەنـدێکیان دەچێتە حاڵەتی بۆچوونی کۆن و کلاسیك لەبارەی فریزەوە، و هەندێکی تر بۆچوونی نوێیە لەبارەی فریز، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێ لەو بۆچوونانە بخەینەڕوو:

تۆفیق وەهبی لـە پـەرتووکی (دەسـتوری زمـانی کـوردی)دا دەڵێـت:**((گـریَ کۆمەڵـە وشەیەکی پەیوەندیدارە، کاری لەگەڵدا نییە)).**[1]

نوری عەلی ئەمین لە پەرتووکی (ڕێزمانی کوردی)دا دەڵێت:**((دەستەواژە بریتییـە لـە کۆمەڵە واژەییێکی لەیەکدی دانەبڕاو، کە نە مەعنایەکی تەواو ئەبەخشیَ، نە فرمانێکیان لەتەکدا ئەبیَ، پێکەوە لە ڕستەدا ئەرکی پارچەیەك لە پارچەکانی ئاخاوتن ئەبینیَ )).**[2]

لە کتێبی مەنهەجی قوتابخانەکان، وا پێناسەی فریز کـراوە:**(( گـریَ بریتییـە لـە دوو وشە یان زیاتر، کە واتای تەواو نەبەخشێت و کاریشی لەگەڵـدا نەبێـت)).**

ئەگـەر سـەیرێکی ئـەم پێناسـانەی سـەرەوە بکـەین، دەبیـنین چـەند لایـەنێکی کەموکووڕی تێدان، لەوانە:

١ / مەرج نییە هەموو فریزێك لە دوو وشە یان زیاتر پێکبێت، چونکە دەشیَ لە تاکـە وشەیەکیش پێکبێت.

٢ / مەرج نییە فریز واتا نەبەخشێت، بەڵکو دەشیَ واتا بدات.

---

[1] ـ تۆفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، چاپخانەی (دار الطباعة الحديثة)، بەغدا، ١٩٢٩، ل ٦٢.

[2] ـ نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠، ل ٢٩.

## ئــــەرکەکانی فـــرێز

هـەر وەکـو ئاماژەمـان بـۆی کـرد، دەشـێ فرێـز لـە یـەك وشـە پێـك بێـت، لـەم حاڵەتەشدا وشەکە دەتـوانێ لـەناو ڕسـتەدا ئـەرك ببینێـت، هـەر وەکـو لـە خـوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:

**١ـ بکەر:** فرێز دەتوانێ ئەرکی بـــکەر لە ڕستەدا ببینـێ، بەمـەرجێك کـاری ڕستەکە کارێکی تەواو بێت و خۆی بـە ئەنجامـدانی کارەکـە هەسـتابێت یـان شـوێنی بکەری لە ڕستەدا پڕکردبێتەوە. وەك:

**ئــەحــمەد هـــات.**

ف.ناوی، ئەرکەکەی بکەرە

**٢ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ:** فرێز دەتوانێ ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕسـتەدا ببینـێ، بەمەرجێ کاری تێپەڕ لە ڕستەکەدا هەبێت، وەك:

**کــاروان وانـــــەکــــەی خوێند.**

ف.ناوی، ئەرکەکەی بەرکاری ڕاستەوخۆیە

**٣ـ بەرکاری ناڕاسـتەوخۆ:** فرێـز دەتـوانێ ئـەرکی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕسـتەدا ببینێ، لەم حاڵەتەشدا فرێزی بەند لە پێشبەند و بەرکاری ناڕاستەوخۆ پێکدێت، ئەم ئەرکە دەبینێت، وەك:

**شیلان چــوو بــۆ زانـــکۆ.**

فرێزی بەند، ئەرکەکەی بەرکاری ناڕاستەوخۆیە

**٤ـ نیـــهاد:** فرێز دەتوانێ ئەرکی نیهاد لە ڕستەدا ببینێ، بە مەرجێ کاری ناتەواو لـە ڕستەکەدا هەبێت، وەك:

**ئـــــاواز جـــوانـــە.**

ف.ناوی، ئەرکی نیهادە

هەروەها سۆسێر زمان بە شەترەنج دەچوێنیێت، شەترەنج بریتییە لە سیستەم و کەرەسەکان، کە تەختە و داشەکانن، هەریەکە لەناو سیستەمەکەدا نرخی خۆی هەیە و بەپێی شوێن و پەیوەندییان بە یەکەوە نرخەکەیان دیاری دەکرێت، نەك بەهۆی ڕەنگ و سروشتی ئەو کەرەسەیەی لێی دروستکراوە، لە زێڕ بێت یاخود لە دار، بەڵگەش ئەوەیە ئەگەر هەر داشێك ونبێت، بۆ نموونە (وەزیر)، دەتوانرێ بەردێکی تر لەجیاتی بەکاربهێنیێ، ئەم بەردە لەناو سیستەمەکەدا ڕۆڵی وەزیر دەبینیێ، زمانیش ئاوایە، بۆ نموونە ئەگەر وشەیەك بۆ مەبەستێك نەبوو، ئەوە دەتوانرێ وشەیەکی تری بۆ دابڕێژرێ، ئەو وشەیە لەناو سیستەمی ئەو زمانە تایبەتییەدا لەوکاتەدا ئەو نرخەی دەبێ و دەداتێ.[1]

زمانەوانەکانی پێش سۆسێر وا تەماشای زمانیان دەکرد، کە کۆمەڵە دەنگێکە سیمای ماددییان هەیە، دەتوانین بیانبینین و قسەیان پێبکەین، سیمای فیزیاوییان هەیە، بەڵام سۆسێر ئەمەی ڕەتکردەوە کە زمان تەنیا دەنگ بێت و بێ سیستەم کاربکات، بۆ نموونە زمانی کوردی خاوەنی (٣٧) دەنگە، بۆیە ئاخێوەری کورد بەهۆی ئەم دەنگانەوە دەتوانێ وشە و ڕستە دروست بکات.

[1] - عەلی تاهیر حسەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل ٤٥.

چۆمسکی ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە لە توانستدا فێری زمان دەبیت، جا ئـەو زمانە زمانی کوردی بێت یان هەر زمانێك بێت، بۆ نموونـە کەسێك لـە شارۆچـکەی قەلآدزێ لە خێزانێکی کوردی موسوڵمان لەدایك بێت، دواتـر ئـەم منداڵـە یەکسـەر بگوازریتەوە بۆ لـەنـدەن و بچێتە ناو خێزانێکی مەسیحی، دەبینین ئەو منداڵە فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت، واتە منداڵ فێری زمانی ئـەو ژینگەیـە دەبێت، کـە قسـەی پێدەکرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە توانست زانست و زانیـاری و دەسـتورە لـە بارەی زمـــــان.

بـە بۆچـوونی چۆمسـکی، توانسـت لـە ڕووی تێگەیشـتن و ئاخاوتنـەوە لـە سـێ شێوەی زمانیدا بەرجەستە دەبێت[1].

**١ـ توانستی ڕستەسازی:** لێرەدا توانای خستنەسەری یەکتری کەرەستەکانە لە ڕووی ڕیزبوون و جۆردا، بۆ دروستکردنی ڕستەیەکی ڕێزمانی.

**ـ هەموو قوتابییەکان هاتن.**

**ـ قوتابییەکان هاتن هەموو.***

توانسـتی سینتاکسـی قسـەکەری زمـانی کـوردی ڕێگـە نـادات ڕسـتەی دووەم لـە بەرانبەر ڕستەی یەکەم هەبێت، چونکە لـە ڕسـتەی دووەمـدا ڕیزبـوونی کەرەسـەکان تێکچووە و پارێزگاری لە قاڵبەکانی ڕستەی کوردی نەکردووە.

**٢ـ توانستی واتایی:** قسـەکەر توانـای هەڵبـژاردنی ئـەو دانـە فەرهەنگیانـەی ڕسـتەی هەیە، تاکو واتایەکی فەرهەنگی و لۆژیکی دروستیان هەبێت و گوێگر و خوێنەر لێیان تێبگات.

**ـ باوکی ڕزگار تا ئێستا ڕەبەنە.***

---

[1] - دیار علی کەمال، ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنانی و گوێزانەوە، نامەی ماسـتەر، کۆلێـژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٢، ل ١٧ ـ ١٨.

**- ڕزگار تا ئێستا ڕەبەنە.**

لێرەدا توانستە فەرهەنگییەکە ناهێڵێت ڕستەی یەکەم مانا بدات.

**٣- توانستی فۆنۆلۆجی:** لێرەدا توانستی بە دوای یەکترهاتنی دەقەکان و چۆنیەتی ڕیزبوونی دەنگەکان و پێکهاتەی فۆنۆلۆجیانەی وشەکانی نێو ڕستەیە.

**- ئازاد بەردی خوارد.**

**- ئازاد ەردی خوارد.***

لێرەدا توانستی فۆنۆلۆجی قسەکەری زمانی کوردی ڕێگە بە دەربڕینی ڕستەی دووەم نادات، چونکە لە ڕستەی یەکەم (بەرد) لە چوار پیت پێکهاتووە و واتای تەواوی بەخشیوە و گوێگر لێی تێدەگات، بەڵام لە بەشی دووەمدا (ەرد) لەلایەن ئاخێوەرانی کورد واتای بۆ دانەنراوە، بۆیە قسەکەر و گوێگر ئەم وشەیە وەرناگرن.

**٤- ئاستی ڕووکەش و ئاستی قووڵ ( ڕۆنانی سەرەوە و ڕۆنانی ژێرەوە ) ( دیوی ڕوخسار و دیوی ناوەرۆك )**

چۆمسکی باس لە دوو ئاست دەکات، یەکێکیان ڕۆنانی سەرەوەیە، ئەویتر ڕۆنانی ژێرەوەیە، ڕۆنانی سەرەوە ئەو کەرەسانەن لە سەرەوە دەردەکەون، کە مەرج نییە هەموو کەرەسەکان بگرێتەخۆ، ئاستی ژێرەوە ناوەرۆك و بنجی ڕستەکە دەگرێتەخۆ، ئەم ئاستە لەگەڵ واتادا پەیوەندیدارە، بەجۆرێ ناتوانرێت بدرکێنرێت تاکو ئاراستەی ڕۆنانی سەرەوە نەکرێت، چونکە لە هەندێ حاڵەتدا هەندێ کەرەسە دەرناکەون، بەڵام لەئاستی ژێرەوە بوونیان هەیە، وەك:

**- ئازاد دەتوانێ بنووسێ.**

لەم ڕستەیەدا یەکێك لە کەرەسە سەرەکییەکان دەرنەکەوتووە، ئەم کەرەسەیە لە ناوەرۆکدا بوونی هەیە، چونکە تێپەڕ پێویستی بە دوو کەرەسەی سەرەکی هەیە،

چۆمسکی لە بارەی پێناسەکردنی زماندا دەڵێت:(زمان کۆمەڵە وشەیەکە ڕێزمان دەریان دەکات)، چۆمسکی زمان لە کۆمەڵگە دادەبڕێت، کە هەر ئەمەش وایکرد پراگماتیکناسەکان ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی چۆمسکی بکەن، چونکە پراگماتیکناسەکان پێیان وایە زمان پەیوەستە بە کۆمەڵگە، لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ سۆسێریش یەك ناگرێتەوە، سۆسێر پێی وایە زمان سیستەمە، بەڵام چۆمسکی پێی وایە زمان وەگەڕخەری سیستەمی ناو مێشکە.

هەروەها چۆمسکی پێی وایە زمان بریتییە لە پرۆسەیەکی پێکهێنانی کاریگەر لە هزری مرۆڤدا، کە دەتوانێ خولقێنەر و داهێنانی زمانیی ڕێکوپێك بکات، ئەمەش لەڕێگەی یاسایەکی ڕێزمانی گشتییەوە بۆ هەموو زمانەکانی مرۆڤ.

هەروەها چۆمسکی لە پێناسەیەکی تری زماندا دەڵێت: زمان بریتییە لە کۆمەڵێك ڕستەی (سنووردار و بێ سنوور)، هەر ڕستەیەك درێژییەکەی سنووردارە، و هەر ڕستەیەك لە چەند یاسایەکی سنووردار پێکهاتووە.[1] بە گوێرەی ئەم پێناسەیە ژمارەی یاساکانی پێکهێنەری ڕستە و ژمارەی ڕستەکان بە هیچ جۆرێ بەقەد یەك نین، بەڵکو بەهۆی تەنیا چەند یاسایەکەوە ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستە دروست دەکرێت، کەواتە لای چۆمسکی ڕستە جەوهەر و ناوەرۆکی ڕێزمانەکەیەتی.

پرۆسەی زمانەوانی لای چۆمسکی لە سێ توخمی بونیادی پێکهاتووە:[2]

**یەکەمیان: توخمی ڕێزمانە،** کە گرنگترین توخمە لە پرۆسەکەدا، لە یەکە پێکهاتەییەکانی پێکدێت، کە هەموو ڕێزمانی ڕستەکەیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك. ئامانجی ئەو توخمە زمانەوانییەش هەم ڕێکوپێك و هەم بەرهەمهێنانە، ڕێکوپێکە

[1] ـ سەلام ناوخۆش(٢٠٠٥)، پوختەیکی وردی زماننا‌سی، ل ٥٨.

[2] ـ عەلی تاهیر حسەین(د)(٢٠٠٨)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل ٥٤ ـ ٥٥.

بەوەی توانای ڕێزمانی ڕێکوپێکی هەیە بدات بە دەستەوە، بەرهەمهێنەرە بەو واتایەی لە توانایدا هەیە ژمارەیەکی بێکۆتا ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم بهێنێت. **دووەمیان: گواستنەوەیە،** ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەم توخمە دەتوانێت ڕستە سەرەکییە بناغەییەکە بگۆڕێ بۆ کۆمەڵێك جۆری ڕستەی تری وەك (پرسیارکردن، سەرسوڕمانی، نەرێنی، مەرجی.........هتد). ئەم توخمە توخمێکی ناچارییە لە دۆخی ڕستە سەرەکییەکاندا، و ئارەزوومەند و ناچارییە بۆ دۆخەکانی تر، کە لە ڕستە سەرەکییەکە پێکدێت. **توخمی سێیەم: پێکهاتەییە،** ئامانجی ئەم توخمەش بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست و دروستە، جا ئەم ڕستەیە لە شێوەی قسەکردن بێت یاخود نووسین. چۆمسکی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە نموونەی ڕێزمانی تاکە نموونە نییە بۆ سەلماندنی ڕاستی و دروستی ڕستەی زمانەوانی لە زمانێك لە زمانەکان، هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە پرۆسەی ڕێزمانی لە پڕۆسەی واتایی جیاوازە، هەرچەندە پەیوەندی نێوانیانڕێژەییە. ڕەنگە چۆمسکی چەند لایەنێکی پۆزەتیڤی هەبێت بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی کە دەڵێت: هەندێ ڕستە هەن لە ڕووی لایەنی زمانەوانییەوە پەسند نین، کەچی لە ڕووی لایەنی واتاییەوە پەسندن، یاخود بە پێچەوانەوە ڕستە هەیە لە ڕووی ڕیزمانەوە پەسندە، بەڵام لە ڕووی واتاوە پەسند نییە.

### ٧ـ بەرهەمهێنانی ڕستە

چەمکی بەرهەمهێنان یەکێکە لە گرنگترین چەمکەکانی تیۆرەکەی چۆمسکی، بۆیە چۆمسکی زۆر گرنگی پێداوە. چۆمسکی پێی وایە مرۆڤ لە توانایدایە ژمارەیەکی زۆری ڕستە بەرهەم بهێنێ، بەجۆرێك ئەم ڕستانە پێشتر نەیبیستبێ و نەیوتبێ، واتە مرۆڤ توانستێکی لە ڕادەبەدەری هەیە ڕستە دروست بکات و لەنێو ڕستەکەشدا فرێز

- **قوتابییەکان هەموو نانیان خوارد.** نزیکە لەڕێزمانی
- **قوتابییەکان نانیان هەموو خوارد.** نزیکە لەڕێزمانی
- **قوتابییەکان نانیان خوارد هەموو.** نارێزمانی

## ٩ـ دەستنیشانکردنی لێڵی و چارەسەرکردنی

لە زماندا هەندێك ڕستەمان هەیە لێڵە، بەهۆیەوە چۆمسکی لێڵی ئەم ڕستانەمان بۆ ڕووندەکاتەوە، ئاخۆ سەرچاوەکەی نزیکە لە لایەنی ڕێزمانییەوە یاخود پەیوەستە بە لایەنی وشەوە. ( مەبەست لە لێڵیش بەو وشە و فرێز و پارستە و ڕستانە دەوترێت، کە زیاتر لە واتایەکیان هەیە)، بۆیە چۆمسکی هەوڵدەدات چارەسەری لێڵی ئەو ڕستانە بکات و سەرچاوەی لێڵییەکانیش دەستنیشان بکات، وەك:

- **پێم دەشکێ.**

**ئەم ڕستەیە دوو واتای هەیە:**

**واتای یەکەم: بە من دەشکێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە، چونکە پێشبەندی(بە) هەندێجار لە حاڵەتی سینتاکسدا شێوەی خۆی دەگۆڕێت و دەبێت بە (پێ).

**واتای دووەم: قاچم دەشکێ.**

لێرەدا سەرچاوەی لێڵییەکە پەیوەندی بە وشەوە هەیە، چونکە لە زمانی کوردیدا وشەی (پێ) لە هەندێ زار و شێوەزاردا بە واتای (قاچ)یش دێت، ئەگەرچی لە فەرهەنگ و لە بنەڕەتدا وشەکانی (پێ) و (قاچ) واتاکانیان وەك یەك نییە و جیاوازە.

پێ ⟵ بە م ⟵ من پێ ⟵ قاچ

جا لەو یاسا وشەسازی و ڕستەسازییانەی بۆ بەرهەمهێنانی ئەم ڕستەیە پراکتیزەکراوە، لەم پێکهاتەدا نەلکاندنی (جێناوی کۆ) بە کاری (سەرکەوت)ە، و لە هەمان کاتیشدا پێویستبوونی بەکارهێنانی نیشانەی (ان) بۆ ئاماژەکردنی بە (کۆ) و (بکەربوونی).

پاش پراکتیزەکردنی ئەم کۆمەڵە یاسایە لەسەر ئەم فەرهەنگە سنووردارەی یەکەکان (کە لە کۆمەڵە دانەی فەرهەنگی (سەرکەوت) و شێوازی (کار) و (ەکە) و یەکەی فەرهەنگی (کۆششکار) و شێوازی (بکەر) و نیشانەی (ان) پێکهاتوون).

بەم شێوەیە کۆمەڵە پێکهاتەیەك دروست دەبن، بۆ نموونە (سەرکەوت) (کۆششکار) و (کۆششکاران) و (کۆششکارەکان) و (کۆششکارەکان سەرکەوتن)، جا بۆ زانینی ڕاست و دروستی هەر پێکهاتەیەك لەم پێکهاتانەی باسمانکردوون، بۆ ئەمەش حوکمی کۆتاییان بە سەردا بدەین، تا چ ڕادەیەك ڕاست و دروستن، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاساکانی فۆنۆلۆجی و وشەسازی و ڕستەسازی، کە پێشووتر باسمانکرد، ئەمانەش کۆمەڵە یاسایەکی سەر بە ڕێزمانی کوردین، چونکە ئێمە لێرەدا باس لە ڕستەیەك لە ڕستەکانی زمانی کوردی دەکەین.

ڕێزمانی بەرهەمهێنان دەستنیشانکردنی وەسفی بونیادگەریی گونجاویش بۆ هەر یەکێك لەم پێکهاتانە دەگرێتەوە، هەموو جیاوازییەکەیش لە بونیادی پێکهاتەیەك لێی بکۆڵرێتەوە، پێویستە بە شێوەی جیاوازییەك لە وەسفی بونیادگەری پەیوەست بە خودی ئەو بونیادەوە دەربکەوێت.

لێرەدا زۆر گرنگە جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کە بەرهەمهێنەکان هیچ ڕستەیەکی تۆمارکراو لە خودی ماددە زمانەوانییەکە وەسف ناکەن، واتە ئەوانەی قسەکەران بە کردەیی بەکاریانهێناوە، بەڵکو کۆمەڵە ڕستەیەکی گریمانەکراو پیادە دەکەن، ئەویش بە پیادەکردنی ڕێبازی بەرهەمهێنان، پاشان تەماشای واقیعی ئەو

زمانە دەکەن، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ (پێشبینی) زمانەوانی و پرسیاری، ئەوەش ئاراستە دەکەن، کە ئایا ئەو ڕستەیەی بە بەرنامەی ماتماتیکی بەرهەمهاتووە، ئایا لەگەڵ زمانەکەدا یەکاویەکە یان پیادەکردنەکەی ساغ و دروستە یا نا؟ لێرەوە زاراوەی (دروستی زمانەوانی) سەرهەڵدەدات، بەم شێوەیە زمانی سروشتی وەك زمانە وێنەییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کە زمانێکی داهێنراون، ئەمەش مەسەلەیەکە زۆر لە زمانناسەکان پەسەندی ناکەن.

هەر لەسەر بنەمای ئەم ڕێبازە ڕووتەی توێژینەوەی زمان کۆمەڵە زاراوەیەك هاتنە ئاراوە و بەکارهێنراون، وەکو قسەکەری نموونەیی، کە هیچ بوونێکی لە واقیعی زمانەوانیدا نییە، بەڵکو زمانناسەکان ئەو گریمانەیە دەخەنەڕوو، ئەویش بە پشت بەستنە بە گومان و توانستە زمانەوانییەکەی، واتە ناسینی یاساکانی زمان و فەرهەنگەکەی.

## قۆناغەکانی تیۆری بەرهەمهێنان و گوێزانەوە

### یەکەم/ تیۆری ڕێزمانی بەرهەمهێنان

قۆناغی یەکەمی ڕێزمانەکەی چۆمسکی کە لە ساڵی ١٩٥٧دەستپێدەکات، ئەمیش بە دەرکەوتنی کتێبی (ڕۆنانە سینتاکسییەکان)، تا ساڵی ١٩٦٥بەردەوام دەبێت، لەم قۆناغەدا چۆمسکی زۆر ڕەخنە لە بونیادگەرەکان دەگرێت، و پێی وایە بونیادگەرەکان هەر خەرێکی وەرگرتنی قسەن لە ئاخێوەران، بۆیە ڕستەی ڕێزمانی بە هۆی ئاخاوتنی قسەکەرێکەوە دیاری ناکرێت، هەروەها چۆمسکی لە قۆناغەیدا پێی وابووە ڕستەسازی سەربەخۆیە لە واتاسازی، بەو واتایەی گیروگرفتەکانی

ڕستەسازی تەنیا بە ڕستەسازی جیادەکرێتەوە نەك بە واتاسازی.[1] ئەم قۆناغەش سێ لایەن لەخۆدەگرێت:

**یەکەمیان: ڕێزمانی هەڵبژاردنی سنووردار**

ئەمە سادەترین سینتاکسە، کە توانای بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی بێسنووری ڕستەی هەیە بە ژمارەیکی کەم و سنوورداری کەرەسە، بەجۆرێك هەر کەرەسەیەك توانای ئەوەی هەیە کەرەسەی دوای خۆی هەڵبژێرێت.

**دووەمیان: ڕێزمانی فرێز پێکهێنان**

ئەمەیان لە هی یەکەم بەهێزترە، ئەمیش خستەڕووی دیوەی دەرەوەی کەرەسەکانە کە مەبەستمان ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەیە، واتە دابەشکردنی بنجی کەرەسە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەگرێتەخۆ.

**سێیەمیان: ڕێزمانی گوێزانەوەیە**

ئەمەیان لە هی یەکەم و دووەم بەهێزترە، لێرەدا یاساکانی فرێز پێکهێنان و ڕۆنانی ژێرەوەی ڕستە دەگرنەخۆ، چونکە بەهۆی یاساکانی گوێزانەوە چەندین ڕستەی تری لێ بەرهەمدەهێنرێت.[2]

## یاساکانی گوێزانەوە

یاساکانی گوێزانەوە بەسەر دوو جۆر یاسا دابەشدەکرێن، ئەوانیش بریتین لە:

---

[1] - سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی - میژوویی - بونیادگەریی - چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ل ٦١ ـ ٦٢

[2] ـ ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلاَت و بەستنەوە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ل ١٤ ـ ١٥.

**یەکەم/ یاسا تایبەتییەکان:** ئەو یاسایانەن کە لەسەر یەك پێکهاتەی بەرهەمهاتوو و یەك زنجیرە پێکهاتە کاردەکەن.

یاسا تایبەتییەکانیش دوو جۆرن:

**أـ یاسای گوێزانەوەی بەخورتی:** ئەو یاسایانە دەگرێتەوە، کە بە ئارەزووی قسەکەر ئەنجام نادرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەخورتی یاساکان جێبەجێبکرێن، واتە ئەم یاسایانە ناتوانرێت دەستیان لێ هەڵبگرین، بەڵکو دەبێ پیادە و پەیڕەوبکرێت، تاکو ڕستەیەکی ڕێزمانی و دروست دەربچێت.(١)

یاساکانی گوێزانەوەی بەخورتیش چەند شێوەیەکی هەیە:

**١ـ کرتاندن:** مەبەست لە کرتاندن، کرتاندنی کەرەسەیەکە لە کەرەسەکانی ڕستە لە ڕۆنانی سەرەوەدا، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبدات.

کرتاندنیش لەسەر کەرەسەکانی بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەخۆ و نیهاد و کار....هتد ئەنجامدەدرێن.وەك:

**ـ برنج دەخۆی؟ یان ساوار.**

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، کاری (دەخۆی) لە بڕگەی دووەمی ڕستەکە کرتێنراوە، بەڵام ئەم کرتاندنە تەنیا لە ڕۆنانی سەرەوە بووە، چونکە گوێگر و خوێنەر لە واتای ڕستەکە تێدەگات و دەزانێ کاری (دەخۆی) بۆ هەردوو جۆری خواردنەکە: (برنج)،(ساوار) دەگەڕێتەوە.

**٢ـ جێگۆڕکێ:** بریتییە لە گۆڕینی شوێنی کەرەسەیە لەگەڵ کەرەسەیەکی تری نێو ڕستەکە، بەبێ ئەوەی واتای ڕستەکە تێکبچێت، ئەم جێگۆڕکێیەش تەنیا لە ڕۆنانی

---

١ - بڕوانە: أـ یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠)، هەندێ لایەنی ڕستەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا بە پێی یاساکانی گوێزانەوە، نامەی ماستەر، ل ١٧، ب. میلکا افتیش (١٩٩٦)، اتجاهات البحث اللساني، ت. سعد عبدالعزیز مصلوح و وفاء کامل فاید، المطابع الامیریة، ص ٣٨٤.

سەرەوەدا ئەنجام دەدرێت و لە ڕۆنانی ژێرەوەدا ڕستەکان هەمان واتایان هەیە، وەکو:

**- کارزان دەچێت بۆ بازاڕ.**

**کارزان بۆ بازاڕ دەچێت.**

**- نەسرین کتێبەکەی بۆ هێنام.**

**کتێبەکە نەسرین بۆی هێنام.**

**٣- فراوانکردن:** بریتییە لە فراوانکردنی ڕستە بە کەرەسەی لاوەکی، بەو واتایەی ئەم فراوانکردن و زیادکردنەوەی کەرەسە بۆ سەر ڕستە، نابێتە هۆی گۆڕینی واتای بنجی ڕستەکە، وەکو:

**- ڕۆیشت.**

**- ئەحمەد ڕۆیشت.**

**- ئەحمەد دوێنێ بەیانی ڕۆیشت.**

**- ئەحمەد دوێنێ بەیانی لەگەڵ ڕزگار ڕۆیشت.**

**... هتد.**

**٤- لەبریدانان:** بریتییە لە جێگرتنەوە و گۆڕینی کەرەسەیەکی ڕێزمانی بە کەرەسەیەکی تری ڕێزمانی، واتە ئەمجۆرە گۆڕینە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکە[1].

**- ئەوان ئێمە دەناسن.**

**- ئەوان ئێمە ناناسن.**

[1] - یوسف نوری محەمەد ئەمین (٢٠١٠)، هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

**دووەم/ یاسا گشتییەکان:** ئەو یاسایانەن کە کار لەسەر ڕۆنانی دوو ڕستە یان زیاتر دەکەن، ئەم کارکردنەش بەهۆی لێکدانی هەردوو ڕستەکان ئەنجام دەدرێت، واتە بەهۆی لێکدانی (شاڕستە) و (پاڕستە) لە (ڕستەی ئالۆز)دا، یان لە ڕستەی لێکدراودا، لێکدانی دوو ڕستە یان زیاتر بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە ئەنجامدەدرێت.

**- کە بەهار هات دەچینە سەیران.**

**- یان بڕۆ یان دانیشە.**

لەم قۆناغەدا چۆمسکی هەندێ کەموکوڕی لە ڕێزمانەکەیدا هەبوو، لەوانە

١- جیانەکردنەوەی ڕستەی ڕێزمانی و ڕستەی ناڕێزمانی لە یەکتر، بەو واتایەی چۆمسکی لەم قۆناغەدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ڕستەسازی ڕستەی ڕێزمانی بەرهەم دێنێت، بە بێ ئەوەی باسی ڕستەی ناڕێزمانی بکات.[1]

٢- گرنگی نەدان بە هەندێ لایەنی لێڵی، لەوانە لێڵی سینتاکسی و لێڵی فەرهەنگی.[2]

٣- پشتگوێ خستن و گرنگی پێنەدانی لایەنی واتایی.

## دووەم/ تیۆری ستاندارد

قۆناغی دووەمی تیۆرەکەی چۆمسکی لە ساڵی ١٩٦٥ دەستپێدەکات، ئەمیش لە کتێبی (هەندێ لایەنی تیۆری سینتاکسی) بۆچوونەکانی خستۆتەڕوو، لەم قۆناغەدا چۆمسکی هەوڵیداوە کەموکوڕی ڕێزمان و قۆناغی یەکەمی تیۆرەکەی پڕکردۆتەوە،[3] ئەم ڕێزمانە سێ پێکهاتەی سەرەکی لەخۆدەگرێ: یەکەمیان

---

[1] - سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی - میژوویی - بونیادگەریی - چۆمسکی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ل ٦١.

[2] - ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، ل ١٥.

[3] - ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ١٦.

پێکهاتەی ڕستەسازی، کە لە ڕستە دەدوێ و دوو بەشیش دەگرێتەوەن ئەوانیش بنکە و یاساکانی گوێزانەوە، دووەمیان پێکهاتەی فۆنۆلۆجییە، کە لە کۆمەڵێ یاسای فۆنۆلۆجی پێکدێت، ئەم یاسایانەش بۆ ئەوەیە ڕۆنانی سەرەوە بەرەو نواندنی فۆنەتیکی دەبات، سێیەمیان پێکهاتەی واتاییە، کە لایەنی واتایی وشە و ڕستە دەگرێتەوە.[1]

هەروەها لەم قۆناغەدا چۆمسکی زیاتر لە نموونەی زار و شێوەزارەکان دووردەکەوێتەوە و پەنا دەباتەبەر نموونەی ستانداردی زمانەکە، چونکە بەبۆچوونی چۆمسکی نموونەی ستاندارد پاککراوەتەوە لە هەڵە و گۆڕانی وشەی ئاخاوتنی قسەکەرانی زمانەکە. هەروەها چۆمسکی لەم قۆناغەدا توانی ڕستەی ڕێزمانی لە ڕستەی نارێزمانی لە یەکتر جیابکاتەوە، ئەویش بەهۆی نزیکی و دووری نێوان دیارخراو و دیارخەرەکانی نێو ڕستە ئەم حاڵەتە دیاریدەکرێت.

واتە چۆمسکی لەم کتێبەیدا لە هەندێ لە بۆچوونەکانی خۆی پاشگەز دەبێتەوە و هەوڵدەدات لەم بەرهەمەیدا ڕاستیانبکاتەوە، ئەویش بە دووبارە ورووژاندنەوەی سەربەخۆیی کردە سینتاکسییەکان لە کردە واتاییەکان.[2]

## سێیەم/تیۆری ستانداردی فراوانکراو

---

1 – سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، پوختەیەك دەربارەی زمانناسی ـ میژوویی ـ بونیادگەریی ـ چۆمسکی، ل ٦٢.

٢ ـ حاتەم ولیا محەمەد(د)(٢٠٠٩)، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، ل ٥٧.

قۆناغی سێیەم پڕکردنەوەی ئەو کەموکوورپییانەیە کە لە قۆناغی دووەمدا هەبووە، بەتایبەتی لە ڕوانگەی واتا و ئاواز و هێزەوە، ئەم قۆناغە ساڵی ١٩٧٠ دەستی پێکرد، بەڵام زیاتر لە ساڵی ١٩٧٢ دەرکەوت و ڕەنگی دایەوە.

لەم قۆناغەدا لایەنی واتایی پەیوەستبوو بە هەردوو ڕۆنانی سەرەوە و ژێرەوەی ڕستە، چونکە لە قۆناغی پێشووتری ڕێزمانەکەی چۆمسکی لایەنی واتایی تەنیا لە ڕۆنانی ژێرەوەدا دەردەکەوت.

ئەم تیۆرە لە چەند ڕوویەکەوە لە تیۆری ستاندارد جیادەبێتەوە، بەتایبەتیش لەو ڕووەوە کە ڕۆنانە سینتاکسییەکان لێکدانەوەیەکی واتایی بە خۆوە دەگرن، بە جۆرێك سەرهەڵدانی ئەم تیۆرەش وەکو وەڵامدانەوەیەك بوو بۆ ئەو ڕەخنانەی لە تیۆری ستاندارد دەگیران.[1]

## چوارەم/ تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

ئەم قۆناغە ساڵی ١٩٨١ دەستپێدەکات، ئەویش پاش بڵاوبوونەی کتێبی (تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە) ساڵی ١٩٨١،[2] ئەم تیۆرەش بە (G .B) ناسراوە، بنەمای سەرەکی ئەم تیۆرە لە دەسەڵاتی کەرەسەیەکی نێو ڕستەیە بەسەر کەرەسەکانی تری نێو ڕستە، وەك لە کاری تێپەڕدا، کار دەسەڵاتی بەسەر

---

١ ـ هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

٢ ـ سەلام ناوخۆش بەکر(٢٠٠٥)، هەمان سەرچاوە، ل ٨٨ ـ ٨٩.

کەرەسەی تر هەیە، ئەویش بکەر و بەرکاری ڕاستەوخۆ، هەروەها لە کاری تێنەپەڕدا، کار دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەی تر هەیە، ئەویش بکەرە، و لە کاری ناتەواودا، کار دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەی تر هەیە، ئەویش نیهاد و گوزارەیە.

چۆمسکی لەم تیۆرەدا چەندین یەکەی پێوانەیی دەستنیشاندەکات، ئەوانیش بریتین لە:[1]

١- تیۆری ئێکس بار

٢- تیۆری سێتا

٣- تیۆری دۆخ

٤- تیۆری بەستنەوە

٥- تیۆری بەندێتی

٦- تیۆری کۆنترۆڵ

٧- تیۆری دەسەڵات

٨- تیۆری کەرەسە بەتاڵەکان

## پێنجەم/ تیۆری کەمترین بەرنامە

ئەم تیۆرە ساڵی ١٩٩٠ دەستپێدەکات، ئەمیش بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند وتارێکی چۆمسکی لەسەر ئەم بابەتە، تا لە ساڵی ١٩٩٣ کتێبێکی بە ناونیشانی(کەمترین بەرنامە بۆ تیۆری زمان) بڵاوکردەوە و بنەماکانی ئەم تیۆری دەستنیشانکرد، کە ئەوانیش فۆرمی فۆنەتیك و فۆرمی لۆجیکن، بەو واتایەی

[1]- ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ٣٥.

لێکدانەوەی ڕستە تەنیا دوو ئاستی نواندن دیاریدەکات، ئەوانیش فۆرمی فۆنەتیك و فۆرمی لۆجیکە، هەربۆیە پێی وتراوە کەمترین بەرنامە. کەواتە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە فۆرمی لۆجیکی هەوڵدەدات ڕستە لە ڕووی واتاوە لێکبداتەوە و فۆرمی فۆنەتیکیش چۆنیەتی خستنەڕووی کۆئەندامی ئاخاوتنە، کە پرۆسەی ئاخاوتن بەرهەمدێنێ.[1]

## بەراوردکارییەك لە نێوان بۆچوونەکانی سۆسێر و چۆمسکی

١ـ لای سۆسێر زمانەکان لە یەکتری جیاوازن، هەر زمانەی دەبێت بۆ خۆی بە تەنیا لێی بکۆڵدرێتەوە، واتە جەخت لەسەر لایەنە تایبەتییەکان دەکاتەوە، لای چۆمسکی زمانەکان لایەنی هاوبەشی لە نێوانیاندا زۆرە، واتە لێرەدا چەمکی ڕێزمانی گشتی و ڕێزمانی تایبەتی دێتە ئاراوە.

---

[1]ـ ڤیان سلێمان حاجی(٢٠٠٩)، هەمان سەرچاوە، ٣٦ ـ ٣٧.

٢ـ لای سۆسێر ئاستەکانی زمان، لە بچووکترین دانەی زمانەوە دەست پێدەکات، کە فۆنیمە تا دەگاتە گەورەترین دانەی زمان، کە ڕستەیە، بەڵام لای چۆمسکی لە گەورەترین دانەی زمانەوە دەست پێدەکات تا دەگات بە بچووکترین دانەی زمان، واتە لای هەردووکیان دانەکانی زمان بوونی هەیە، بەڵام جیاوازییەکە تەنیا لە ئاڕاستەکەیە، لای سۆسێر لە بچووکەوە تا گەورە، بەڵام لای چۆمسکی لە گەورەوە بۆ بچووك.

٣ـ لای سۆسێر بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان، دەبێت پشت ببەسترێت بە شریتە دەنگییەکان، واتە هەتا ئاخاوتنێك لە دەمەوە لە شێوەی دەنگدا نەیەتە دەرەوە، زمان لەئارادا نییە، بەڵام لای چۆمسکی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان، نابێت پشت بە شریتە دەنگییەکان ببەسترێت، لەبەر ئەوەی هەندێ لە ڕاستییە زمانییەکان لێرەدا ون دەبن، بەمە دەڵێ ڕۆنانی سەرەوە، بۆیە لای چۆمسکی بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان پشت بە ڕۆنانی ژێرەوە دەبەسترێت، واتە لێکۆڵینەوە لە ڕستەکانی زمان لە مێشکدا.

## بلۆمفیلد

### ژیانی لیۆنارد بلۆمفیلد

ناوی تەواوی (لیۆنارد بلۆمفیلد)ە، ساڵی ١٨٨٧ لە شیکاگۆ لەدایکبووە، خوێندنی لە زانکۆی (هێرتبارت) تەواوکردووە، دوای تەواوکردنی خوێندن دەچێتە وڵاتی

م. ڕەگ   م.بەندی ڕێزمانی      م.سفر

**مــۆرفــیم**

- م.سەربەخۆ (ئازاد)
  - زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان دەگرێتەوە
- م.بەنـد
  - م.بەندی ڕێزمانی
    - نیشانەکانی ڕابردوو (دە،بوو،وە)
    - نیشانەکانی ڕانەبردوو (دە)
    - نیشانەکانی ناسراوی (ەکە، ە)
    - نیشانەکانی نەناسراوی (ێك،ەکە،یَ)
    - نیشانەکانی کـۆ (ان،هات،جات)
    - نیشانەکانی فەرماندان (بـ)
    - نیشانەکانی ئاوەڵناو (تر، ترین)
  - م.بەندی ڕەگ
    - (خۆ، کە)
  - م.بەندی داڕشتن
    - پێشگر(ڕا،دا)
    - پاشگر(مەند)

فۆنیم /بچوکترین دانەی زمانە، کە ئەرك و واتـا لـەخۆی کۆناکاتـەوە، بـەڵکو دەبێتـە هۆکارێك بۆ گۆڕینی واتای وشە.

| مــۆرفــیم | فــۆنــیم |
| --- | --- |
| ١ـ بچووکترین دانەی زمانە. | ١ـ بچوکترین دانەی زمانە. |
| ٢ـ مۆرفیم ئەرك یان واتا دەگەیەنێت. | ٢ــ ئـەرك و واتــا ناگەیـەنێت، بـەڵکو |
| ٣ـ مۆرفیم پیتێکە یان زیاتر، کە لەمە | تەنیا دەبێـــتە هـۆی گـۆڕینی واتــای |

